# كەوتنی دەنگی (هارمۆنیکا) لە دەمی گوناهـ

**ئالان پەری**
**دانیمارک**

بە ئاستەم  چاوەکانی سەوزەایی گیام کردەوە
نە دەبوو  هەر لە قاوغی ڕزینی سوراوی لێوێک مات بومایە
نە ئەکرا دەنگی خۆم بکوژم ...
دەبوو شێتیی باران لە من بچێ ،
بۆ ئەوەی وەک (تک) بتەقمەوە !

نەدەبوو لە ترشەڵۆکی ترس و
لە لاوازیی لاسکەکانی چەپکە گوڵی سەفەرێک دەرباز بم
من پێم وت ... وتم :
گەر بیرم چوو دەستت بگرم و لەگەڵت ڕێنەکەم
وەک نیزگەرەکانی دەریا و شەلەشەلیی (با) دەرنەکەویت
وەک دەقاودەقی نوتفەی ڕاموسان هەڵنەکشێی

ویستی ئەو بوو ....
مەبەستی بوو لە ژێر قەنارەی شەهوەت بنوین
بێ مەحاڵ وەچانی دەدا ...
موو باریکەکانی خەیاڵ بە نێو دەرزییە بێ کونەکانی کات ببەین ،
هەوڵی دەدا شووشەیی ژێر نینۆکەکانی پەرییەک
بە بڕبەنە سوواوەکانی تەمەن بکرێنین

ئەو دەنگی ماچ و فیشەکێکی جیانەدەکردەوە ..
گریانی سەوزایی و خەتەنەکردنی کچێنیی هەوای نەئەناسییەوە
ئەو یادگاری باگردێنێکی پیر و خەنەکردنی گڵی سەر سەربانی منالّیی ،
بەیەکەوە و لە نێو چیرۆکێدا باس دەکرد .

لە بچوکترین لەرزین ،
ئاسەواری مانگ و هەتاوی لە سینگی دەکەوتە خوارەوە
بە پێچەوانەی ڕەنگەکان ڕوتیی داپۆشی
جەستەی شەرمنی حیشمەتی شوێنەکان لە مشتی شەهوەت داکەند
ڕەقیی چیمەنتۆ ، نیشتەجێی میان ڕەوەیی مۆمە سپییەکان کرد
دڵی دەریاکان بە ئەندازەیی وشکانیی خۆی شکاند
قردێلە زەردەکانی پایزی لە خۆی گرێ دا
قژی خۆری بڕی ...
دەستی بۆ وروژانی شیوەنێک پان کرد
بۆنی ئاسنی هێنایە نێو پەڵە لانەچوەکانی سەر لێوی شەرابخۆرەکان

من پێم وت ... وتم :
بە ئاسانی پەردەکانی خەیاڵ لەسەر خەواڵویی سروشت لانابرێن
سانا نییە ،....
ئاسمان بە ئارەزووەکانت خەریک بکەیت و ئەسپی پیریی هەڵنەپەڕێنی
و دوابیش لە شکانی نەیزەکی بێدەنگی ، هیچ ڕوناکییەک نەزرینگێتەوە

بە شێوەیەک دەدوا

دەتوت کوڵمی سەوازیی هی خۆیەتی و
بە منیش سەمای خاچێکی خوێنینی دەبەخشی
ڕاچەنینی ترس لە مۆڵگەی دڵنیایی دەردەهێنا و دەیڕواندەوە
تونێلێک لە بێ سەفەر ، لە نێوان پەپولەکانی ڕەحەتبوون و نێوان
خونچە گوڵی لاشەکان دەبەست .

دڵی باخەکانی سەرەوەریی ڕائەچەنی ...
خەیاڵی ئاوینی شیعرەکانی پێش شەڕ ، وشک دەکرد !
من بۆم نووسی :
ئەگەر دەستم لەسەرت دابنێم
گیانم ئەسڕێتەوە و سەرم بۆ دەریاچەکان ئەپەڕێ
ئەگەر دڵم بۆت بکەمەوە
بیرۆکەی هەموو خۆ هەڵواسینێک بە خوا ، ئەکەوێتە خوارەوە

**سەرەتا و کۆتایی** 2009